# زنجیرە چیای کۆساڵان

نووسینی: ب.چاکەخواز

#کۆســـاڵان زنجیرە چیایەکە لە ٢٥ کیلۆمەتریی باشـــووری ڕۆژاوای شـــاری #مەریوان دا لە پارێزگای ســـنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لە دابەشکاری ئیداریی ئەمڕۆی ئێراندا، سەر بە شارستانی سەوڵاوایە.

ئەم چیایە لەســـەر ڕێگەی مەریوان_کامیاران و لە نێوان هەر دوو ڕووباری ســیروان و شــامیاندا هەڵکەوتووە. لە بەرانبەری گوندی بنۆڵەوە تا دەگاتە ڕووبەڕووی گوندەکانی ژرێژە و دەڵەمەرز کێشــراوە. گوندەکانی: دووڕۆ، ڕەزاو. دەگاگا، کەکڵیاوا، کۆلێژ، دەل، ڕوار، هەباســاوا، وەرگەویەڕ و ژیوار لە بناری چیای کۆســاڵاندان و هەواری هەمووشــیان لە کوێستانەکانی ئەم چیایەدایە.

ڕووبەری کۆســـاڵان ١٩٤ کیلۆمەتری چوارگەشـــە و دەوراندەوری ٨٠ کیلۆمەترە، بڵندیی بەرزترین لووتکەکانی دەگاتە ٣٠٠٠ مەتر. ژینەواری ٢٢٤ بێچم ڕووەک و ١٩٥ گیانلەبەری جۆراوجۆرە.

ئەگەرچی سروشتی تایبەت و جوان و ڕازاوەی کۆساڵان بوەتە هۆی ئەوەی کە لە شیعری شاعیران و گۆرانییە فۆلکلۆرەکانی ناوچەکەدا ڕەنگدانەوەیەکی زیاتر لە شاخەکانی دیکەی ببێت، بەڵام بۆ خەڵکی مەریوان و هەورامان، کۆساڵان تەنیا ژینگەیەکی دێرین و دیمەنێکی دڵڕفێن و ســەیرانگایەکی بەهەشــتی نیە و زۆر زیاترە لە بۆنی گوڵ و قاســپەی کەو و گژوگیای بەهاری و ئێوارانی هەوار و هاژەی بەفراو و زایەڵەی سیاچەمانە.

کۆســاڵان بە هۆی هەڵکەوتەی ســروشــتی_ژیۆپلۆتیکی تایبەتیەوە، بۆ ســەرجەم حاڵەتەکانی جەولە، یەکگرتنەوە، ڕێکخســتن، حەوانەوە، شــەڕ و بەرگری؛ هەمیشــە میوانداری هێزی پێشــمەرگەی کوردســتان بووە و دەیان داســتانی دلێری و نەبەزی و خۆڕاگریی شۆڕشگێرانی کوردستانی تێدا تۆمار کراوە. دانەبڕانی شێرەکوڕانی نەبەردی نیشتمان لە ڕۆژە تاڵ و شیرینەکانی خەباتدا لەوێ، کۆساڵانی کردووە بە سەنگەرێکی بەردەوامی خەباتی ڕزگاریخوازانەمان. کەمتر چیایەک لە کوردستاندا هەیە کە بە ڕادەی کۆساڵان حوزووری ڕۆڵەکانی گەلی بەخۆیەوە بینیبێ، بۆیە کۆساڵان لە چیاکانی دیکەی دەوروبەری سیمایەکی بەرز و بەڕێز و پیرۆز و خۆشەویستتری لە لای خەڵکی ناوچەکە و کوردستاندا هەیە.

ســـەرەتای هاوینی ١٣٩٥ی هەتاوی ٢٠١٦ی زایینی (٥ تا ١٨ی پووشـــپەڕ) بە هۆی شـــەڕێکی قارەمانانەی پۆلێک لە پێشـمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێران لەگەڵ تاریکپەرسـتانی کۆماری ئیسـلامی لەو چیایەدا، کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە #حەماسـەی_کۆسـاڵان ناودێر کراوە؛ ئەو چیا سـەکەش و ناوازەیە دیسـانەوە بە خوێنی خـۆشـــەویســـــتـــریـــن ڕۆڵەکـــانـــی گەل خەمـڵـــی و بەو بـۆنەیەوە لە بەرچـاوی بـیـــر و زەیـنـــی کـــوردایەتـیـــدا #ئێستا_ئیتر_کۆساڵان_لە_ئێڤێرێستیش_بەرزترە